www.kurdistannet.org

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 11:43 28-12-2006

# کنێر ئیبراهیم تۆفیق خاوەنی ئارایشتگای رانیە: لەئەوەلەوە هەندی بووک پێیان عەیب بوو بەدلەی بوکێنی لەبەر بکەن چونکە بە عەیبەیان دەزانی! ... دیداری /مەحەمەد سیاسی ئەشکەنەیی

ژن ئەو مرۆڤە ناسك و ئارامەیە کە نیوە بەشەکەی تری پیاوان پێك دەهێنی، چونکە ژن هەستێکی ناسك و دنیایەکی جوان و ئاواتێکی خۆش بۆ ژیانی دەخوازی، دنیای بی ژن وەك زیندانە، ژن تەواوکەری پیاوانە چ لەماڵ و چ لە سەر کار بی، بۆیە گەر پیاوان خاوەنی سەرتاشخانە بن بۆ جوانکردنی دەموو چاوو قژیان ئەوا ژنیش بەدەر نیە لەم خزمەتە کە خاوەنی ئارایشگای تایبەت بە خۆی بی بۆیە لەم کوردستانە ژنانی دەست رەنگین و بەتوانا هەن کە توانیویانە کارو پیشەکەیان فێری ئەوانی تر بکەن ئەوەتانی خاتوو (کنێر ئیبراهیم تۆفیق) کە خاوەنی ئارایشگای رانیەیە کە چەندین کچی فێری ئارایشگایی کردووە و لە دوکانەکەی خۆشیدا ئێستا چوار شاگردی کچی هەیە، رۆژنامەی پێگە بەپێویستی زانی ئەو ژنە دەست رەنگینە بەسەر بکاتەوە بەچەند پرسیارێك:-



پ1/ کی یەکەم جار ئارایشگای ژنانی کردەوە لەرانیە؟

کنێر/// یەکەم جار دوو ژن ها تن لە سلێمانیەوە ئارایشگایان کردەوە لەرانیە کەناویان ئارایشگای تارا و شیاوو بوو ماوەیەك لێرە بوون و کاریان کرد دواتر گەڕانەوە، دوای ئەوە من هەر لەمناڵیمەوە خولیای ئەوەم هەبوو تاکو ئارایشگایەك بکەمەوە و ژنان و کچانی رانیەی پی جوانتر بکەم دوای بینینی دەوراتی ئارایشگا، وەك سەرەتا لە ساڵی (1992) ئارایشگایەکم کردەوە بۆ یەکەم جار لەرانیە لەماڵی خۆم تاکو ساڵی (2000) لەساڵی 2000 دا بریارمدا دوکانێك بەکری بگرم و کاری جوانکاری بۆژنان بکەم، چونکە لەساڵی 1992 نەمدەتوانی ئارایشگا لەدەرەوەی ماڵ دابنێم بە حوکمی ئەو کۆمەڵگەیەی کە تیای دابووم کە وا واعی و هۆشیار نەبوو نەگەیبوو بەو ئاست و پێش کەوتنەی کەئێستا هەیە، دواتر خەڵکەکە چاوی کرایەوە و دەهاتن بۆ ئارایشگا، یاخود کەسێك هاوسەری پێك دەهێنا بوکیان دەهێنا بۆ ئارایشگا، بەڵام لە ئەوەلەوە هەندێك بووك پێیان عەیب بوو بەدلەی بوکێنی لەبەر بکەن، چونکە بە عەیبەیان دەزانی، کە قۆڵ و باسك و قاچیان بەدەرەوە بی، بەڵام ئێستا شتەکە پێچەوانە بۆتەوە هەر بوکێك کەلە دوورترین لادێوە دێت بۆ ئارایشگا بی بەدلە نارواتەوە دەشگەری بە دوای جوانترین بەدلە تاکو لەبەری بکات، هیچ بە عەیبیشی نازانم کە ئارایشگام کردۆتەوە چونکە پێویستە ژنانیش خاوەنی ئارایشگا بن وەك چۆن پیاوان سەرتاشخانەیان هەیە و خۆیان جوان دەکەن، کرانەوەی ئەو هەموو ئارایشگایانە دەلالەت لە دەست رەنگینی ژنان دەکات کە پێشکەوتنێکیان بە خۆیانەوە دیووە لەم بوارەدا.

پ2/ زیاتر لەسەر چی مۆدیلێك کاری جوانکاری دەکەن؟

کنێر/// رۆژانە گۆرانکاری لەسەر مۆدیلەکان دێت، هەر ساڵەی بە نەوعێك ئیشی تەسریحەو نەوعیەتی لێدانی مکیاج بەکار دەهێنری، تاکو لەبازار ئەو داوو دەرمانانەی کەتازەن و باشن بەکاریان بهێنین کە تاکو ئێستا زیاتر لە (10000) بووکم رازاندۆتەوە وکاری جوانکاریم بۆ کردوون.

پ3/ هۆی چیە ئارایشگای ژنان گرانترە لە هی پیاوان؟

کنێر/// چونکە هەموو ئەو داوو دەرمانانەی کە ژن بەکاریان دەهێنی گرانن لە بازار، ژنان کەدێنەئارایشگا ماندووبوون و ئیشی زۆریان دەوێت وەك لەپیاوان، کەل و پەل و کاڵاکانی بازار رۆژ لەگەڵ رۆژ لە گران بووندان و ئێمەش ناچارین گرانی بکەین چونکە ئەبێت کری دوکان و ئاوو کارەباو مەساریفی جۆراو جۆری تری لی بدەین، بۆیە هەقە حکومەت کار بکات بۆ هەرزان کردنی کاڵاکانی ناو بازار بەهەموو جۆرەکانیەوە، بۆ مەسەلەی گرانی ئێمە ئێستا زۆر باشترین لە چاو شارەکانی (سلێمانی و دەهۆك و هەولێر) کە لەو شارانە بەس رازاندنەوە هەیە پارەکەشی زۆر وەردەگیرێت زیاتر لەئێمە وەلای ئێمە رازاندنەوە بەدلەشی لەگەڵە بەقەد پارەی شارەکان وەرناگیرێت، تەماشا دەکەیت بووك لای ئێمە کە دەیهێنن بۆ ئارایشگا یەك عەشیرەتی لەگەڵەو گەورەترین کێشەمان بۆ دروست دەکات کە هەریەکێکیان چەند منالێك لەگەڵ خۆی دێنی، لەئەنجامی ئەو قەرەباڵغیە زۆرەوهێنانی ئەو منالانە بۆ ئارایشگا بەعزی جار کەل و پەلی ناو ئارایشگا دیار نامێنێت و بزر ئەبی، بۆیە هەقە ئەو خوشکە بەرێزانەی کە لەگەڵ بوکەکان دێن بۆ ئارایشگا منداڵەکانیان نەهێنن و دروست بوونی ئەو هەموو قەرەباڵغیە بۆچی تاکو هەموو جاری عەشیرەتێك بی لەگەڵ بوکێك.

پ4/ باست لەبزر بوونی کەل و پەل کرد کێن بەو کارە نەشیاوانەی دوور لەداب و نەریتی کۆمەڵگاکەمان هەڵدەستن؟

کنێر// بەڵی زۆر جار لەدوای رۆیشتنەوەی بوکێك کەلوپەلی ئارایشگا دیارنەماوە چونکە وەك پێشتر باسم کرد یەك دنیا خەڵك دێنە ژووری و زۆر قەرەباڵغ دەبی، کەل و پەلەکان هی باسکردن نین کە ئێستا قسەی لەسەر دەکەین، بەلام جاری وا هەیە پێویستمان پێیەتی و لەوکاتەدا ناتوانین بچین بۆ بازار وا بەپەلەیی بیکرینەوە، بۆیە ئەو کەسانەی وا بەو کارانە هەڵدەستن لەوانەیە هۆشیاری کۆمەلایەتیان لاواز بی و لەدوایدا تووشی کاری خراپتریان بکات، چونکە دزی کردن کارێکی زۆر خراپە و هەموو مرۆڤایەتی قێزی لی ئەبێتەوە، ئەوەی دزی دەکات من هیچ بەمرۆڤی نازانم تەنانەت ناتوانم بلێم ئاژەڵیشە چونکە ئاژەڵ دزی ناکات، هیوادارم ژنان خۆیان دوور بخەنەوە لەو کارە قێزەوەنە کە هەندێك گیرۆدەی بوون.

پ5/ گەورەترین کێشەتان چیە؟

کنێر // کێشەمان خەڵکەکەیە کە ناهۆشیارە هەندی ژن هەن کەل و پەلی یەکتر دەدزن یان گیرفانی یەکتر دەبرن، یان جانتای یەکتر هەڵدەگرن و دەیبەن، جار هەبووە مۆبایلی شاگردەکانی دوکان کە لە ژێرشەحنا بووە دیارنەماوە، هەموو ئەو ژنانەی دێنەئارایشگا وانین بەڵکو کەمێکیان ئەو کارە قێزەوەنە ئەکەن کە زیان بە کۆمەڵگا ئەگەیەنی و روی کۆمەڵگا ناشیرن ئەکات.

پ6/ ئیش و کارەکانی ئارایشگا چین؟

کنێر/// ئیش و کاری زۆر هەن وەك (برینی قژ، رەنگکردنی قژ، لوول کردنی قژ، خاوکردنەوەی قژ، جوانکاری بەپێی مۆدیل، تەسریحەکانیش بەپێی مۆدێلی رۆژانە دەگۆرِی، جوانکردنی لەش و لارو روخسار، پاراوکردن و گەشاندنەوەی پێست، هەڵم کردن، ئارایشی پەردەپۆشکردن و شاردنەوەی نەنگیەکانی دوای جوانکردن، دەمامکی چاوان و ماسك و زۆر جۆری تریش!!.

پ7/ لەگەڵ خەڵکی کەمدەرامەت چۆنن کە هاوسەر پێك دەهێنن؟

کنێر // جاری وا هەبووە زانیومانە کەسێك وەزعی ماددی و مالی باش نەبووە هیچ پارەمان لێی وەرنەگرتووە تەنانەت بەدلەکەشمان بەبی مقابیل پێی داوە تاکو ئەو خۆشیەی هەیەتی سەر بگری نەبێتە کێشە بۆی، ئەگەر ژنێك وەزعی ماددیان خراپ بووبی پارەمان لێی وەرنەگرتووە و چی جوانکاریەکی ویستبی بۆیمان کردووە، هەتاکو بە شاگردە کچەکانی لای خۆم وتوە گەر کام لەکەس و دراوسێکانیان وەزعیان باش نیە پارەیان لی وەرمەگرن، چونکە پارە هەموو شتی نیە لە ژیاندا، پارە ناتوانی خێرو چاکەو دڵسۆزی مرۆڤ بۆیەکتری سەرنگوون بکات.